ڕازامەندی بە دەستپێکردنی واژۆی ئەلیکترۆنی بۆ دامودەزگاکانی دەوڵەت و کەرتی تایبەت دەدرێت



سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ڕازامەندی دەربڕی لەسەر دەستپێکردنی واژۆی ئەلیکترۆنی بۆ دامەزراوەکانی دەوڵەت و کەرتی تایبەت و هاووڵاتیان

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەڕاگەیندراوەکدا کەدەستی موتابع کەوتووە بڵاویکردەوە، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ڕازامەندی دەربڕی لەسەر دەستپێکردنی واژۆی ئەلیکترۆنی بۆ دامودەزگاکانی دەوڵەت و کەرتی تایبەت و هاووڵاتیان، ئەمەش لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی یاسای واژۆی ئەلیکترۆنی و ماماڵەی ئەلیکترۆنی ژمارە (78)ی ساڵی 2012 و ڕێنمایینەکانی کە لە ساڵی 2025 دەرچووە، بەڕێزیان و وەزیری پەیوەندیەکان دوو واژۆی ئەلیکترۆنی فەرمی یەکەمیان ئەنجامدا.

وتیشی سودانی جەختی لەوە کردەوە کە ئەم ڕووشوێنە هەنگاوێکی گرنگە بۆ جێبەجێکردنی یەکێک لە گرنگترین بەڵێنەکانی حکومەت کە لە بەرنامەی حکومەتەکەیدا هاتووە بۆ گەیەنی دیجیتاڵی و ئۆتۆماتیکیکردن و سادەکردنەوەی ڕێکارەکان و کاریگەری بەرچاوی لەسەر پشکشکردنی خزمەتگوزاری بە هاووڵاتیان هەیە و گەندەڵی کارگێڕی و دارایی و ئەو ڕووشوێنانەی پەیوەستن بە ماماڵەی کاغەزەوە

کەمدەکاتەوە.

سەرکی ئەنجومەنی وەزیران ئاوای ووت کە ئەم هەوشوەنە بە فەرمی لە ئاستی جیهانیدا دانپێدانراوە، متمانەی هاووڵاتیان بە هەڵکار و دامەزراوەکانی دەوڵەت بەرز دەکاتەوە لە پێسەندکردنی ئەم جۆرە مامەڵە دیجیتاڵی و حکومییە، کە هەموو مامەڵەی دەوڵەتی و کەرتی تایبەت دەگرێتەوە، هەروەها ستایشی هەوڵەکانی وەزارەتی پێیوەندییەکانی کرد، کە پێداویستییەکانی بە ئەم هەنگاوە دابینکرد لەگەڵ دامەزراندنی سەنتەری داتا و هاهەنانی کارمەندانی تایبەتمەند بە ئاسانکاری جێبەجێکردن.

سودانی ئاماژەی بەوەدا کە حکومەت بە چەند هەنگاوێک لە بواری گەشەی دیجیتاڵی دەوات، لەوانە دامەزراندنی پێکهاتەی کارگێڕی و ناوەندی تایبەتمەند، هاکشانی کارمەندانی شارەزا، و پێسەندکردنی ئامرازی ئەلیکترۆنی بە جێبەجێکردنی مامەڵەی هاووڵاتیان لەگەڵ وەزارەتە جیاوازەکان، ئەم ئامانجە ئاوێیە کە مامەڵەی هاووڵاتیان بە پێی نوێترین شێوازەکان ئەنجام بدرێت و بەدیهەنانی ئامانجەکانی حکومەت بە چاکسازی ئیداری.